ISSN: 1999-5601 (Print) 2663-5836 (online)

Lark Journal

Available online at: https://lark.uowasit.edu.iq

*Corresponding author
**Dr. Ako Hama Khasraw**
Department of Special Education, College of Education, Charmo University
Email: ako.hama@chu.edu.iq

**Keywords**: critical thinking, art education.

A R T I C L E   I N F O

Article history:
Received 20Dec 2024
Accepted 26Dec2024
Available online 1 Jan 2025

**The Role of Art Lessons on the Development of Critical Thinking Skills in Students from the Perspective of Teachers**

A B S T R A C T

The research is entitled (The Role of Art Lessons on the Development of Critical Thinking Skills in Students from the Perspective of Teachers). The aim of the research is to determine the role of art lessons in developing the critical thinking skills of students. This research is done from the perspective of the teachers of the fine art institutes in Halabja and Chamchamal. The number of participants is 28 teachers of both genders, which is one group for the academic year (2023-2024). The research used psychomotor features, and the researcher used the analytical method, so the Wilk and Shapiro tests were used to determine the division of the research's data. To find out the result of the research, a parametric test is used. According to the result, the perspective of the teachers associated with the role of art lessons in developing critical thinking skills is positive and great. Since art education has a great role in developing the capability of innovation and critical thinking of the students, the importance of the art activities in developing the thinking skills of the students. This is the main aim of the art in educational schools.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

© 2025 LARK, College of Art, Wasit University

DOI: https://doi.org/10.31185/lark.4077

**دور مادة الفن في تنمية كفاءات التفكير النقدي عند الطلبة من منظور الاساتذة**

د. اكو حمة خسرو/ قسم التربية الخاصة، كلية التربية، جامعة جرموو

**الملخص**

هذا البحث الموسوم بـ (دور مادة الفن في تنمية كفاءات التفكير النقدي عند الطلبة من منظور الاساتذة)، يهدف إلى معرفة دور مادة الفن وانعكاسها على التفكير النقدي عند الطلبة من منظور الاساتذة في معهد الفنون الجميلة/حلبجة ومعهد الفنون الجميلة/ جمجمال، حيث اعتمد البحث على (28) عينة من الأساتذة من كلا الجنسين وللسنة الدراسية (2023 – 2024). لجأ الباحث في دراسته هذه إلى اعتماد خصائص السايكومترية مستنداً إلى المنهج الوصفي ومتخذاً من برنامج Shapiro-Wilkالاختباري وسيلة لمعرفة التقسيمات الاعتيادية للبيانات المدرجة، وبرنامج Parametric-testsالاختباري لاستخراج النتائج. وقد توصلت الدراسة إلى أن لمادة الفن دور كبير وايجابي في تنمية التفكير النقدي عند الطلبة، نظراً للمكانة المهمة للتربية الفنية في رفع القدرة الابداعية والتفكير النقدي عند الطلبة. من هنا يظهر دور النشاطات الفنية واهميتها وآثارها الايجابية في تنمية كفاءات الطلبة في المراكز التعليمية.

**الكلمات المفاتيح**: الفن، الكفاءات، التنمية، التفكير النقدي، التربية الفنية .

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

ناونیشانی ئەم توێژینەوە (ڕۆڵی وانەی هونەر لەسەر گەشەپێدانی کارامەیەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لای خوێندکاران لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە).ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕۆڵی وانەی هونەر لەسەر گەشەپێدانی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لای خوێندکاران. ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی مامۆستایانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەڵبجە و چەمچەماڵەوە ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە (28) مامۆستایە لە ڕەگەزی نێر و مێ بوو، کەیەك گروپ بوون بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024) ئەنجامدرا. تایبەتمەندی سایکۆمەترییەکان بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە ئەنجامدرا، توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە هەروەها بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی Shapiro- Wilk بەمەبەستی زانینی دابەشبوونی ئاسایی داتای توێژینەوەکە. بە تاقیکردنەوەی Parametric- tests بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە بەکارهێنابوو. دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە تێروانینی مامۆستایان سەبارەت بە ڕۆڵی وانەی هونەر لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لای خوێندکارانی پەیمانگەای هونەرەجوانەکانی چەمچەماڵ و هەڵەبجە ئەرێنی و بەرزە. لەبەرئەوەی پەروەردەی هونەر ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پەرەپێدانی تواناکانی داهێنان و

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای فێرخوازان و گرنگی چالاکییە هونەرییەکان لەسەر گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی فێرخوازان یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی هونەر لە ناوەندەکانی خوێندندا.

**وشەی کلیلیەکانی**: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی,پەروەردەی هونەر

بەشی یەکەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

پێشەکی:

پەروەردەی هونەر ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پەرەپێدانی تواناکانی داهێنان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای فێرخوازان. فێرکارییە هونەرییەکان لە ناوەندە ئەکادیمێکییەکاندا هەلێکی باشە بۆ بەرزکردنەوەی توانای داهێنان و توانا بیرکردنەوە ڕەخنەگرانە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەم سەردەمی هاوچەرخەدا داڕێژەرانی سیاسەت و بەرنامەڕێژانی بواری پەروەردە و فێرکردن پێویستە بە بایەخەوە گرنگی بەم بوارە بدەن( Lukaka , D. (2023, 1 ) . )

ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی وانەی پەروەردەی هونەر لە سەر دەرون و شێوازی بیرکردنەوە فێرخواز لە ناوەندەکانی خوێندندا زۆرە، چونکە ئەوە وانەی هونەرە دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە سەر حەز و ویستەکانی فێرخوازان بەجێ بهێڵێت و پاشان توانای کارامەییەکانی بجوڵێنێت(عەلی، 339، 2021).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

بەپێی کۆڕبەندی ئابوری جیهانی، چەمکی"بیرکردنەوەی ڕەخنەیی" وەك یەکێك لە گرنگترین کارامەیەیی لە پێشینەدا هاتووە تا ساڵی 2025، لە جیهانی هاوچەرخدا بە هۆیی بە ئاسانی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان ، پێویستە پەروەدە و فێرکردن لە ناوەندەکانی خوێندندا ڕۆڵی هەبێت بۆ ئەوەی فێرخواز بتوانێت توانای پرۆسێسکردن و جیاکردنەوە و دیاریکردنی متمانەپێکراوی زانیاری وەرگیراوەکانی کە بتوانێت بابەتێك هەڵسەنگێنێت و بتوانێت لەوانی تری جیابکاتەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ چارەسەر بدۆزنەوە و بەرگری لە بانگەشەکانی خۆیان بکەن بە بەڕاستی و ئارگۆمێنتە ڕاستەقینەکان، بە وەرگرتنی شارەزاییە لە سەر کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ( Obidovna, D. Z. (2023 p54).

بیرکردنەوە بریتییە لە چالاکییەکی مرۆڤیی، کە مرۆڤ وەکو بونەوەرێکی بیرکەرەوە دەناسرێت چونکە بونەوەرێکی پرسیارکەرە، حەز و ویست و ئارەزوی زانین و دۆزینەوەی ئەو نهێنی و نەزانراوانە هەیە، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. چۆنیەتی بینین و لێکدانەوە و تێگەیشتنە و مەبەست و ئامانج و سەرچاوەی جوانناسی چییە، دروست بونی زانست و هونەر ئەدەب لە خولیای پرسیاری مرۆڤی بیرکەرەوە گەڕان بەدوای وەڵادا هاتوون (قانیع، (31,2013.

هەموو مرۆڤێك خاوەنی عەقڵێکە کە توانای بیرکردنەوە و داهێنان و ڕزگاربوونی لە کێشەکان، مرۆڤ دروستکراوێکی بیکەرەوەیە، هەموو بیرۆکەیەکی نوێ بەکەموکورتییەوە لە دایك دەبێت پێویستە کاری لەسەربکرێت و گەشەی پێبدرێت، هەروەها ترسان لە ڕەخنە ڕێی کوشتنی هەموو بیرۆکەیە و بیرکردنەوەیەکە(الأحمدي، 272، 2019.(

بیرکردنەوە سەرچاوەی هەموو هەڵچوون و ڕەفتارەکانی مرۆڤە، واتە مرۆڤ چۆن بیربکاتەوە هەر بەو شێوەیەش ڕەفتار دەکات، کاتێ کەسێك بیرکردنەوەی ئەرێنی دەبێت ئەوکاتە هەڵچوون و ڕەفتارەکانیشی ئەرێنی دەبێ و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە، هەر لەبەر ئەو گرنگیەی بیرکردنەوەیە کە (دیکارت)وتویەتی(من بیردەکەمەوە کەواتە هەم)(بونم هەیە) واتە بوونی مرۆڤی بە بیرکردنەوە بەستۆتەوە(قەرەچەتانی، 153، 2023.(

بیرکردنەوە دەتوانێت ببێتە باشترین هاوڕێت یاخود خراپترین دوژمن، تەنیا بیرکردنەوەکانت ئەوەندە هێزیان هەیە کە وات لێبکەن بەناوبانگ یان لاواز سەرکەوت و یان شکستخوارد بیت. بیرکردنەوەکانت هزرت هاوشێوەی هێزێکی گەورە دەتوانێت بەرەو ئاڕاستەیەك لە پێناو گۆڕینی ئامانجەکان بتبات، کەواتە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هێزیی ئەوەت پێدەدات کە بە ئامانجە ڕاستەقینەکانت بەرەو زیرەکی و دەستکەوتەکانت بەرێت(ترێسی، 79، 2020).هونەر و پەروەردەی هونەر گرنگی زۆریان لەسەر فێرخوازان هەیە ویارمەتی فێرخوازان دەدات تا تێبگەن لەو جیهانەی دەژین و چارەسەری بۆ کێشەکان بدۆزنەوە کاردانەوەیان بەرانبەر بەو شتانانە هەبێت کە دەیبین و هەستی پێدەکەن و هەروەها پەروەردەیی هونەر خزمەت بە ئامانجی مەعریفی و سۆزدار و دەرونی و کۆمەڵایەتی دەکات( Baş, M. T., Özpulat, F (2022)P ).1

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

هونەر دەستکرد و جێکەوت و بەرهەمێکی مرۆڤانایە، بریتییە هەوڵ و کۆشش و توانای مرۆڤ بۆ گەڕان بە دوای مانا و بیرۆکە و بیرکردنەوە ئەویش لە ڕێگەی خستنەسەری جۆرێك لە حەقیقەت بەسەر بەرهەمەکانی خۆیدا، ئینجا ئەم بەرهەمانە هونەری بن، یان زانستی(ئیسماعیل، 53، 2018). لە روانگەی پەروەردە و فێرکردنی هاوچەرخەوە کاریگەریی و پەیوەندی نێوان هونەر لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە داهێنەرانە و گەشەسەندنی لێهاتوویەکان ئاشکرایە، دەتوانرێت بەشداربینن لە پەروەدەیەکی هونەری کە خوێندکاران بەرهەمی هونەری بەرهەمبهێن کە پرۆسەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە خۆبگرێت(Silva Pacheco, 1 C. (2020).)

کـاریگەری ئەرێنـی و بەهێـزی فێرکـاری هـونەر بە ڕێنمـای مامۆسـتایان بـۆ فێرخـوازان و پەرەپێـدانی بیرکـردنەوەی ڕەخنەیـی لای فێرخـواز لە ژینـەگە ئەکادیمیەکانـدا هەیە .Sun,1 L) (2023).بابەتی پەروەردەی بیرکردنەوەی ڕەخنەی لە زمانی کوردی بابەتێکی نوێیە، ناوەڕۆکی نـوێ و پەیوەندیـدار و فرەڕەهەنـدیان کەمتـر پێشـکەش کـردووە، واتە بـاس و خواسـی ڕەخـنە و ئاراسـتەی ڕەخنەیـی کەمتـر سـودی لێبینـراوە لە تـوێژینەو لێکـۆڵینەوەی بـازنەی پەروەردەو فێرکردنـدا(وەهاب، 21، 2021). ڕەخـنە جەختـدەکاتەوە سـەر ئەوەی کە پێویسـتە بیرکـردنەوە وەڵامدەرەوەی کێشە تازەکان و ئەگەرە تازەکانی ئەو ئـازادیيە بـێ کە زادەیـی ئـاڵوگۆڕی بـارودۆخ مێژوویەکانە.تیۆری ڕەخنەیی تیۆرێکی فرە پسپۆڕیە و لە ناوەڕۆکیشدا بێوێنە ئەزمونگەرە، بە قوڵی لە هەموو نەریتێك و بانگەشەیەکی ڕەها بە گومانە، بۆیە تیۆری ڕەخنەیی تەنا بە تەنـگ چۆنیەتی شتەکانەوە نییە، بەڵکو بەتەنـگ ئەوەوەیە کە چۆنن و پێویستە چۆنبن. ئـا ئەو ئەرکە ئەخلاقیەش هانی بیرمەندە گەورەکانیدا تـا پەرە بە کۆمەڵێك بـابەت و تەوەری و میتۆدی ڕەخنەیی تازەبدەن کە تێگەیشتنی سەبارەت بە کۆمەڵگە گۆڕی(برۆنە، 9، 2021). بوونیـادگەرایی وەکو ڕەوتێکـی نـوێ دەرەکەوتن و گۆڕانکاری گەورەیـان لە بـواری پەروەردەدا کـرد بڕوای وایە خـودی خوێنکـاران لە ڕێـگەی مـامەڵە و گفتوگـۆ نێـوان خۆیـان و بیرکـردنەوە دەتـوانن زانیـاری و مەعـریفە بەرهەمبهێنن(سەعید، 320، 2020).

فێرخـواز کەسـانی سـەربەخۆ و بیـرکەرەوەی جیـاوازن کە بە جیـاوازیی و داهێنـانی خۆیـان بە شێواز و ڕێگـای جیـاواز بەشداریی ئەکەن و جـان جـاك ڕۆسۆ لە کتێبەکەی ئێمیلـی لە ناوەڕاستی سـەدەی هەژدە بـڵاوی کـردەوە بـۆ چـوونەکەی بنـاغەی دانـا بـۆ ئەوەی دواتـر لە پەروەردەی پێشکەوتنخواز ئەگزترا کە ڕوانیـان لەوەوە سەرچاوەی ئەگرت کە فێرخـواز ئامادە و بە پەرۆشـە و فێرخـواز لە ئەزمـوونەوە فێـردەبن نەك ڕاسـتیەکانیان بە زۆر پێبـدرێت. خـاوەنی بیرکـردنەوەی نەرمـن، بیرکردنەوەکانیـان فێرخـواز دەق بەو ئەزموونـانەوە ئەگـرێ کە ڕووبەڕوویـان ئەبێتەوە(تۆماس، 40، 2022).

لایە پیـاژە و فێربـوون پەیوەنـدی بە گەشەسـەندنی بیرکـردنەوە و هەوڵـدانەوە هەیە لە ڕێـگەی ستروکتوورە مەعریفیەکانی خۆیەوە، واتا فێرخواز لەو ڕێگەیەوە فێرنابێت کە فێرکار هەڵەکەی بۆ ڕاسبکاتەوە بەڵکـو لە ڕێـگەی ئەو ئەنجـامگیرییەوە دێـتەدی، کە فێرخـواز خـۆی لەکـاتی کـارکردن بیرکردنەوەدا بەدەستی دێنێت. ئەم جیـاوازییەی نێـوان پیـاژێ و دەروونزانەکـانی دیکە ڕەنگدانەوەی بەسـەر تەواوی پرۆسـەی پەروەردە و فێربـوونەوە هەبوو.لەبـواری وانە وتـنەوەدا مـرۆڤ ئەمە لە

قوتابخانەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا بەڕوونی دەبینێت. پیاژە پیاداگری زۆری لەسەر دوو جۆر مەعریفە و بیرکردنەوە دەکات جۆری یەکەم بریتییە لەو زانیاریەیە فێرخواز لە قۆناغێکدا بەدەستی دێنێت، گەشەسەندندنی بابەندە بە مامەڵەی کۆنکرێتەوە لەگەڵ ئۆبێکتەکان، جۆری دووەم بریتییە لە مەعریفەی ئەبستراکت. بۆ ئەوەی فێرخواز لە یەکەمەوە بگاتە قۆناغی دووەم دەبێت بە پرۆسەی بیرکردنەوە تێپەڕێت، دەبێت بیرکردنەوە هەڵگری خەسڵەتی پێچەوانە بوون بێت(بیرکردنەوەی خۆڕسك) و دووەمیش بیرکردنەوە دەبێت بریتی بێت لە زنجیرەیەك بیرکردنەوە(بیرکردنەوەی ئەبستراکت) بۆ ئەوەی بیرکردنەوە بە پرۆسە لەقەڵەم بدرێت(سەعید، 14، 2015.(

بەهەمان شێوەی پیاژە سەرنجی ڤیگۆتسکی و برونەریش لەسەر ئەو ڕێگایە بوو کە فێرخواز مۆدیلی خۆیان بۆ بیرکردنەوە تێدا بونیاد ئەنا، بەڵام ئەوان ئەم بونیادەیان بە ڕێگای جیاواز تر لەوەی دەروونناسە سویسریەکە ئەبینی هەردووکیان جەختیان لە سەر ڕۆڵی فێرکار لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەدا لای فێرخواز دەکردەوە(تۆماس، 122، 2022). بە بۆچونی ڤیگۆتسکی، وانەوتنەوە فۆرمێکی تایبەتە لە دیسکۆرس کە دەتوانێ بۆ گەشەکردنی فۆرمە نوێیەکانی بیرکردنەوە، دەرفەتی جیاواز بخولقێنێت، بەڕای ئەو وانەوتنەوە بریتییە لە وێنەیەکی هۆشمەندانە چالاکییە کە بەرپرسە لە گەشەسەندنی بیرکردنە و فۆرمەکانی بیرکردنەوە تێیدا گەشە دەکەن(ڤیگۆتسکی، 259، 2020.(

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

کێشەی توێژینەوە:

کێشەی بنەڕەتی لە نەبوونی کەش و هەوای گوتار پرۆسەیێکی گشتگری ڕەخنەیی لە بارەی مەعریفە و پرۆسەکانی بنیاتنان بڵاوکردنەوەی مەعریفە لە بواری پەروەردەدایە. هەروەها ئەو هەوڵانەی لە بواری پەروەردەدا دەکرێن و دەدرێن ڕەنگدانەوەی گوتار و ڕێکاری جۆرێك بیرکردنەوە کە هەڵقوڵاوی بەهاو ئەزموون و مەعریفەی پەروەردەیی کوردستان نین(وەهاب، 23، 2022).وانەوتنەوە بەشی هەرە زیندووی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و سێ بەشی گەشەسەندنی ئەو پرۆسەیە لە سەر زیندوویەتی و هاوچەرخبوونی مۆدێل و میتۆدەکانی وانەوتنەوە ڕادەوستێت، هۆکاری هەرە بنەڕەتیی دواکەوتوویی بۆ وانەوتنەوە دەگەڕێتەوە، ئەو میتۆدە بەرکارکارانە هیچ ڕووبەرێکیان گفتوگۆی ناو پۆل بیرکردنەوە بەرهەمهێنانی زانست و فیکر، شرۆڤەکاریی خوێندکاران، دەرخستنی جیهانبینی، داهێنانی خوێندکاران نەهێشتۆتەوە، گەورەترین بەربەست و گەشەسەندنی بیرکردنەوەی لۆژیکی و ئەبستراکت لای خوێندکاران دروست کردووە(سەعید، 305، 2020.(

لیۆ ڤیگۆتسکی پێیوایە کە بیرکردنەوەی ڕەخنەی و لۆژیکی بریتییە  پرۆسە دەروونیە باڵاکان، بە واتایەکی تر کارە باڵاکان بریتیین لەو کارانەی کە مێشك بە شێوەیەکی هۆشیارانە دەیکات لەوانە بیرکردنەوەی لۆژیکی، یادهێنانەوە، تێڕوانین، شرۆڤەکاری، شیکاری، ئەم کارنە مۆرکێکی هۆشیارانە بڕیاریان لەسەر دەدات، ئەم کارانە مۆرکێکی پێشکەوتوو و ئاڵۆزیان هەیە کە فێرخواز دەتوانێ کاریگەریی بەسەریانەوە هەبێت، هەندێکی تر لەوانە گشتاندن و پۆلێنکردن بیرکردنەوەی ئەبستراکت(ڤیگۆتسکی، 71، 2020.(

پەروەردە:ئایە دۆزینەوەی ڕێگایە یان فێربوونی زانیاریی و شارەزاییە؟ بۆ بیریارانی پێشکەوتنخوازەکان پەروەردە و فێرکردن پاڵپشتیکردنە لە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ئەبێ فێرخواز ناوەند بێت و تیشکۆی لەسەر چارەسەری کێشە بێت. شێوازی پێشکەوتنخواز ئەیوێت مێشکێکی پرسیارکەر لە لای فێرخواز گەشەپێبدات. بەدەر لەو ڕاستیەی کە کرۆکی مەیلی زانستی پرسیار و گومانکار بێت. ئێمە پێویستە هانی پێکهاتنی  بیرکردنەوەی ڕەخنەییش بدەین.پەروەردەش ئامرازی سەرەکی گەشەپێدانی ئەو مەیلە ڕەخنەییەیە کە تواناداریمان ئەکات ئەمە بکەین(تۆماس، 55، 2022).  لەیەکێك لە توێژینەوەکان لە کالیفۆرنیای وڵاتی ئەمریکا لە ئەنجامدراوە لەسەر کاریگەریی پەروەردەی هونەر لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەیلە نێوان دوو گروپی خوێندکارانی هونەر و ناهونەردا دەرکەوت کە کاریگەری پەروەردەی هونەری ئەرێنییە لەسەر فێرخوازانی هونەردا لە کارامەیەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەییدا       ((Lampert, N. (2006)کەواتە بیرکردنەوەی ڕەخنەی ڕەخنەیی، پێویستی بە ڕاهێنان و پراکتیکردنە تا وەکو خوێندکاران بە شێوەیەکی گشتی گەشە بە بە لێهاتوویە فیکرییەکانیان بدەن بە تایبەت پەرە بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بدەن(احمد، 37، 2015).  ئەوەندەی توێژەر ئاگاداربێت بابەتی بیرکدنەوەی ڕەخنەی پەیوەیست بە وانەی هونەر توێژینەوەی لەسەر نەکراوە لە کوردستاندا هەربۆیە دەتوانرێت تاڕادەیەك بوترێت کە ئەم توێژینەوەیە نوێیە و  توێژەر  پێویستی بەو وەڵامەیە ئایە وانەی هونەر ئەشێت ڕۆڵی هەبیت لەسەر گەشەپێدانی  بیرکردنەوەی ڕەخنەی و لەم ڕوانگەیەوە توێژەر بە پێویستی دەزانێت لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە کێشەی توێژینەوەکە بخاتە ڕوو:

.1لەم سەردەمی هاوچەرخەدا بە هۆی بوونی تەکنەلۆژیا و ژیری دەسکرد زۆری سەرچاوە و زانیارییەکان و  بەپێویست زانینی چۆنیەتی مامەڵەیەکی زانستی لەگەڵ زانیارییەکانەکان.

.2پێویستی زانیی هونەری بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە ناوەندەکانی خوێندن بە تایبەت لە بواری هونەردا.

.3لایەنگری و حکومەدان و بڕیاری پێشوەخت لەسەر ڕووداو زانیاریەکان بەبێ لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی ڕەخنەی بۆ گەیشتن بە ڕاستی و حەقیقەت بە شێوەیەکی زانستی.

.4پێویستی زانینی چۆنیەتی میکانیزمی تاقیکردنەوەی بۆ ئەرگۆمێنت دروستدەکرێت لەکاری هونەری لە ڕووی تیۆری و کردارەکیدا.

.5نەبونی میتۆدی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەناو کلتوری پەروەردەی لای خوێندکاران.

.6نەبوونی نەرەخساندنی ژینگەی ئەکادیمی ئازادی بیرکردنەوە ڕەخنەیی و ئازادی بیرکردنەوە دروستکردنی بەڵگەسازی(ئارگۆمێنت) لە ناوەندەکانی خوێندا.

.7هەروەها چۆن فێرخواز لە بەرهەمهێنانی کاری هونەریدا بیرکردنەوەی ڕەخنەیان هەبێت بۆ باشکردنی کاری هونەری.

گرنگی توێژینەوەکە:

توێژەران و زانایانی دەروونناسی گرنگی بە پەروەردەیی هونەری دەدەن وەکو پێداویستیەکی گرنگی بۆ فێربوون لە ڕێگەی هونەرەوە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لەبەرئەوەی ناتوانین هونەر جیابکەینەوە لە ژیانی ڕۆژانەی کەسەکان بە تایبەت لە ڕوی فێرکردنەوە، لەم ڕێگەیەوە بیرکردنەوەیان فراوان دەبێت و داهێنانەکانیان جوانتر دەبێت، پەروەردەی هونەری ڕاستەقینە تێدەکۆشێت بۆ پەرەپێدانی خەیاڵ بیرکردنەوە لای فێخوازان(عەلی، 120، 2014). بەپێی توێژینەوە نوێیەکان جەختدەکەنەوە کە پەروەردەی هونەری بەشدارە لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەی و بیرکردنەوەی داهێنەرانە هەروەها فێرکاری هونەری کاریگەری لە پەرەپێدانی کارامەییەکان و توانای دەربڕین و لایەنی زانیاری و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەیە، هەروەها گرنگی دەزانرێت کە وانەی هونەری ئاوێتەبکرێت بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و بیرکردنەوەی داهێنەرانە کە لە پرۆگرام و بەرنامە فێرکاریەکانی هونەردا.(Lukaka, D. (2023).1)

ئەگەر لە ناوەندەکانی خوێندندا وانەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بە قوتابیان و خوێندکاران نەڵێینەوە و فێری بیرکردنەوەیان نەکەین لەم حاڵەتەدا قسەکردن لەسیستەمی پەروەردە و پەروەردە هەڵگری کێشەی گەورەیە گۆمەڵگایەك بهێنە بەرچاوتان کە خاڵییە لە عەقڵانیەت و لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، لە حاڵەتێکی ئەوهادا شتێك نابێت بەناوی پەروەردە و فێرکردن جگە لە تەڵقین کردن و لەبەرکردنی هەندێ زانیاری بەسەرچوو دۆگما و لەبەرکردنی هەندێ "ڕا" و "بۆچوون" هیچی تر نییە(ڕەفیق، 223، 2009.(

توێژەران بیرکردنەوەی ڕەخنەیی مەبەست لەو جۆرە بیرکردنەوە بۆ جیاکردنەوەی قسەکان و ڕاوبۆچوونە ڕاست و هەڵە، واتە کەرەستەیەکە بۆ جیاکردنەوەی قسە و ڕاوبۆچوون و پاساوە ڕاست و هەڵەکان و دەرخستی کەم و کورتییەکان. جۆرێکە لە بیرکردنەوە کە لەزۆر بواردا بەکاری دەهێنن و پێویستمان پێی دەبێت. هەڵهێنجاندن(بۆدەرکەوتن) استدلال هۆکار و پرۆسەیەکە کە لە ڕێگای زانیاری و شتی ئاشکرا و دیارەوە بەرەو شتە شاراوەکان کە نەزانراوەکان دەڕۆین، هەڵهێنجاندن کە نەزانراوەکان مەنتیق بریتیە لە(بۆدەرکەوتن)(استدلال) وە هەڵهێنجاندن(بۆدەرکەوتن)(استدلال) گەوهەری مەنتیقە، لە ڕێگایەوە جیاوازی لە نێوان هەڵەو ڕاست هەق و ناهەق دەکەین(قەرەچەتانی، 44.2018). قوتابخانەی فرانکفۆرت وەهای دەروانی کە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بزوێنەری گۆڕانکارییەو ئامانجی سەرەکی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ئەوەبوو ببێتە پرۆژەیەکی فرە لایەن کە هەر کەسێك بە لێهاتوویی و ئەزموونی پسپۆڕی تایبەتی خۆی بەشداری تێدا بکات و ئەو ڕێگەیان گۆڕی کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان زانستە مرۆییەکان و بگرە ڕاڤەکارانی زانستە سروشتیەکان بە هۆیەوە لە جیهانیان دەڕوانی(برۆنە، 174، 2021.(

ئەم توێژینەوەیە سودی دەبێت:

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

.1بۆ مامۆستایانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە بواری شێوەکار لە ڕێگەی وانەوتنەوە.

.2بۆ سەرجەم خوێندکارانی بەشی شێوەکاری لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بە تایبەت لە وانەکانی هونەردا لە ڕێگەی بەکارهێنانانی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە.

.3بۆ شارەزایان و پسپۆڕانی ئەم بابەتە و بە تایبەت هونەرمەندانی شێوەکار، لەبەرئەوەی بابەتێکی نوێیەو وەکو سەرچاوەیەکی زانستیی لە بواری (تیۆریی- کردارەکی)دا .

.4دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستیی ڕەسەن و نوێ بۆ کتێخانەی کوردیی، لە بابەتی هونەر و شێوەکاریی .

ئامانجی توێژینەوەکە:

زانینیی ڕۆڵی وانەی هونەر لەسەر گەشەپێدانی کارامەیەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لای خوێندکاران لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە

سنوری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە لە لایەن مامۆستایانی پەیمانگایی هونەرەجواناکانی هەڵبجە و چەمچەماڵ بەشی شێوەکار بۆ ساڵی(2023-2024) دا ئەنجامدراوە.

پێناسەی زاراوەکان:

یەکەم :هونەری شێوەکار:

وانەی هونەری:

پێناسەی عەلی(2022 (

وانەی هونەر کاریگەری لە ئامادەکردن و پەروەردەکردنی فێرخواز خەملاندنی بیرباوەڕ کە ئەرك و ئامانجی گەشەپێدانی چێژی هونەر و جوانناسی دەرخستنی توانا هونەرییەکان و هەڵبژاردنی باشترین ڕێگەو شێوازی دروست بۆ پەروەردەکردن و فێرکردندا(عەلی، 12، 2022.(

پێناسەی البیاتی(2016(

وانەی هونەر بەمانای پەرپێدانی ڕەهەندە جەستەی و دەرونی سۆزداری و نیشتیمانی و بیرکردنەوەی و لایەنی داهێنانی بە شێوەیەکی زانستی بەدیهێنانی ئامانجە داڕێژراوەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا(البیاتی، 37، 2016.(

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی:

پێناسەی قەرەچەتانی(2018(

بیرکردنەوەی ڕەخنەی هەوڵدانی بەردەوام بۆ زانینی ڕاستیەکان وەرگرتنی ڕاسترین بڕیار(قەرچەتانی، 42، 2018.(

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

پێناسەی خەڵەف (2017(

بیرکردنەوەی ڕەخنەی بریتییە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ورد و دروست بەڵگە و زانیارییەکان بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجام(خەڵەف، 256، 2017.(

پێناسەی ڕەفیق(2023(

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ئەو بیرکردنەوە عەقڵانیەیە، بیرکردنەوەیەك کە بەرئەنجامی تێڕامانێکی عەقڵانیە کە جەخت دەکاتەوە سەر بڕیاری ئەوەی باوەڕ بەچی بهێنین و چیبکەین(ڕەفیق، 252، 2023.(

بەشی دووەم:

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە ڕووی فەلسەفیەوە:

داڕشتن و سەرڕێگاخستنی کاراکردنی بیرکردنەوەیەکی تەندروست هەمیشە لەلایەن ژمارەیەك فەیلەسەفەوە وەك ئامانجێکی پەروەردە سەیرکراوە، بۆ نمونە لای ئەفلاتونی حەکیم لە ئامانجە سەرەکیەکانی پەروەردەی تەندروست، بەواتای پێگەیاندنی فێرخواز و خوێندکار لەسەر بیرکردنەوە، گەشەکردنی توانای بیرکردنەو بۆ خودی خۆیان، بیرکردنەوەی ڕەخنەی جیاوازە لە

بیرکـردنەوی تـر، لە دنیـای مۆدێرنیشـدا جەختـدەکرێتەوە سـەر ئەم ڕەهەنـدەی پەروەردە و لەلایەن فەیلەسوفانی وەکو ڕۆسۆ و کانت و جۆن دیوی.. بیرکردنەوەی ڕەخنەی مـامەڵەیی فەلسـەفیانە جدی لەتەکـراوە بـۆتە شـوێنی جەختکـردنەوە سـەر لە پرۆسـەی چاکسـازی پەروەردەیـدا(ڕەفیق، 132، 2009.(

بیرکردنەوەی بنەڕەتی لەسەر چەند ئاستێکدا دەردەکەوێت کە بریتیین لە:

(1تێبینکـردن: واتـای بینـی بـە وردەکـاری و دیقـەتی دیـاردە و ڕووداوەکـان و بابەتـەکان لـە ڕێگـەی یەکێك لە هەستەوەرەکانەوە ( سالم، 2022، 1096.(

(2دیـاریکردنی ئامـانج: واتـە توانـاداری فێرخـواز بـۆ باسـکردن و خسـتنەڕووی مەبەسـتەکان پێش دەسپێکردنی بە کار و پرۆژەکە.

(3پلانـدانان: کۆمـەڵێك تێڕوانین گشـتییە، کـە یارمەتیـدەری تـاکن بـۆ گـەیشـتن بـە ئامانجـەکانی لـە داهاتوودا.

(4کورتکردنـەوە: واتـای دەرهێنـان یـان خسـتنەڕووی گرنگتـرین بیرۆکـەکان لـە پـەرەگرافێك یـان بابەتێك و قسەکردن لەسەری.

(5 پەیوەستکردن(ئاوێتەکردن): تواناداری کارامەیی و پەیوەستکردن پێشاندەدات، درککردنـی تاکـە بەو بابەتە گرنگەی بۆ سەرکەوتن لە بەجێهێنانی پەیوەستکردن. (عزیز، 19، 2020.(

گرنگی پەروەردەی هونەر لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:

پەروەردەی هونەر دەرفەتی نـاوازە بۆ خوێندکاران دەڕەخسێنێت بۆ توانـای دەربرینـی خۆیـان، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەری کێشەکانیان و هەروەهـا توانـای ڕاڤەکردن و شیکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسـەنگاندنیان بەرزدەکـاتەوە و وەهـا دەکـات خوێنـدکار بـوێرتربن و بیر لە بیـرۆکەی نوێی بکەنەوە توێژینەوەکان دەریدەخەن کە پەروەردەی هونەر کاریگەری ئەرێنی لەسەر مەعریفە، خەیـاڵ، ئەدای ئەکـادیمی گشـتی هەیە، هەروەهـا پەرەدان بە هەسـتکردن بە هۆشـیاری و پێزانینـی کلتـوری پەروەردە، پەروەردەی هـونەر ڕۆڵێکـی چارەنوسـازی دەگێڕێـت لە پەرەپێـدانی توانـای داهێنان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی خوێندکاران و پەروەردەی هونەر خوێندکارا ئامادەدەکات بۆ سـەرکەوتن لە سـەدەی بیست و یەکدا ( Lukaka, D. (2023).8)گرنگی چالاکییە هونەرییەکان لەسـەر گەشـەی کـارامەیی بیرکـردنەوەی فێرخـوازان یەکێـك لە ئامـانجە گرنگەکـانی هـونەر لە ناوەنـدەکانی خوێندنـدا گەشـپێدانی کـارامەیی بیرکـردنەویە لای فێرخوازانـان هەربـۆیە فێرکـار تایبەتمەندی و ڕێگە و شێوازی نەرم و پێشکەوتووەکان بەکاربهێنێت، تابتوانێت ئاستی خەیاڵکردن و

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

تێبینیکـردن و بیرکـردنەوەی فێرخـوازان بەرەوپـێش بەرێـت هەنـدێك ڕێـگەو شـێواز هەن کە لە ناوەنـدەکانی خوێندنـدا بەکـار دەهێنرێـت، وەك یەکەیەکـی کـار لە چـالاکییە هونەریەکانـدا بە ئامـانجی گرنگی زۆر گەشەی بە هەستەکان دەدرێت بۆ گەیشتن بە بیرکردنەوەیەکـی ڕاست و دروست لای فێرخوازان(عەلی، 50، 2022.(

هەوەرهـا لە یەکێـك لە توێژینەوەکـان دەرکەوت کە هـونەر یـارمەتی خوێنـدکارانی دا بـۆ پەرەپێـدانی توانـای بیرکـردنەوەی ڕەخنەگـرانە و داهێنـان، ئەو خوێنـدکارانەی کە زیـاتر بەژداری فێرکـاری هونەریـان کردووە دەستکەوتی خوێندنیان زیـاتر بووە(Baş, M. T., Özpulat, F 1 P (2022))کـاریگەریی پەروەردەی هـونەر لە دروسـتکردنی کەسـێتی و گەشـەپێدانی ئاڕاسـتەی ڕەخنەگرتن پەروەردەی هونەر هاوکارە بۆ گەشەپێدانی ڕەخنەگرتن لای فێرخـوازان، ئەمە یەکێکە لە سیفەتە گرنگەکـان، پێویستە فێرخـوازان ئاگایـانە مـامەڵە لەگەڵ شـێوە جۆراوجۆرەکـانی هـونەر بـکەن بـۆ گەشـەپێدانی لایەنــی ڕەخنەیی(عەلــی، 155، 2014).خـودی پرۆسـەی بیرکـردنەوەی ڕەخنەیـی بـریتییە لە پەروەردەکـردن، خـودی پەروەردەو فێرکـردن هـیچ نیـیە جـگە لە مەشـقکردن لەسـەر بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، واتە پەروەردە گەر هەبێت، کە زۆر جـاران نییە، بریتییە لە سـەر ڕێگەخستنی بیکردنەوەی ڕەخنەیی، واتە مەشقکردن و ڕاهێنـان و ڕامکردن لەسـەر بیرکردنەوە و پرسـیارکردن و مەشـقکردن لەســەر بیرکـردنەوەی ڕەخنەیــی لەم پرۆســەیەدا عەقڵەکـان پەروەردە دەکرێن. پێویستە جۆرە ستراتیژییەکی پەروەردەیی دابڕێژرێت تـا لە خزمەت ئەم پرۆسەیەدا بێت، ئەم پرۆســەی پەروەردەکــردنە خــۆی یەکســانە بە بیرکـــردنەوەی ڕەخنەیـــی واتە دروســتکردن، خولقانـدن، داهێنـانی ئەو بـونەوەرانەی کە بیـردەکەنەوە، نەك زانیـاری ئەزبەردەکەن واتە داهێنـانی بیرکــردنەوەی خــۆ، هــزری نــوێ تــایبەت بە هەلــومەرجە تازەکــان، بیرکـــردنەوەی ڕەخنەیـــی بەرجەستەبوونی پەروەردەیە لە گشت کایەکانی مەعریفەدا(ڕەفیق، 261، 2023.(

گرنگی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە ناوەندەکانی خوێندندا:

.1جەختکـردنەوە بیرکـردنەوەی ڕەخنەیـی وەك کـایەکی زانسـتی و فیکـری خۆ لە خۆیـدا بنەڕەتـی و بگرە جەوهەریە، بۆ هەبوونی لە وانە پەروەردە.

.2لەبەرچاو گرتنی ڕاستیە بینراوەکان، بوونی بەخشینی توانای عەقڵی بۆ داڕشتن و هەڵسـەنگاندنی ئەرگومێنت کە بابەتی بیرکردنەوە ڕەخنەیی.

.3گرنگیدان بە بیرکردنەوەی پشت ئەستور بە ئەرگومێنتی عەقڵی،

.4بەکارهێنانی لێهاتووی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و لای خوێندکاران کە خاوەنی زانیارین.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

.5پەروەردەکردنی خوێندکاران لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەیی تاکو خۆیان بیربکەنەوە مەعریفەی (ڕەها )جیابکەنەوە لە (بۆچوون) جیاکردنەوەی ڕاستی لە درۆ و ڕاستی لە پروپاگەندە جیابکەنەوە، هەبوونی توانای هەڵسەنگاندنی بەیان و گوزارەکان و بانگەشەکان(ڕەفیق، 222، 2009 .(

.6بۆچونی پیاژێ، خوێندن و لە خوێندنگەکان، ڕۆڵێکی گەورە لە دروستکردنی چەمکە زانستییەکان و گەشەکردنی بیرکردنەوە دەبینێت(ڤیگۆتسکی، 199، 2020.(

لێهاتوویی هونەری شێوەکاری لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەیی:

لەم سەردەمەدا، سەرنج و پێداگری لە لێهاتوویی و تواناکانی هونەرمەندەوە بۆ داهێنانە تاکەکەسییەکان بیرکردنەوە گۆڕا، بە واتایەکی دیکە، هەندێك ئاڵوگۆڕ لە هەڵسەنگاندن و نرخدانان لە ئەندێشەی و بیرکردنەوەی قوڵی هونەرمەند و بەپێی تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی، بەسەرهاتەکەی و باری دەرونی کە لەسەر پێگەیشتن و پوختەبوونی هونەرمەند کاریگەریی هەبوو ڕویدا. بەم شێوەیە هونەرمەندی ڕاستەقینە بەپێی خەیاڵەکانی، بیرکردنەوەکانی داهێنانەکانی، خۆبزواندنی، ژیاننامەی پڕ لە داهێنانی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرا (جۆنسن، 177، 2021).تێگەیشتن و ڕەخنەگرتن لە هونەر گرێدراوی لێهاتوویی هونەریی، لێرەدا مەبەستمان شتێکی سەرووتر لە ئاستی ڕوانین و چێژبردنە لە بەرهەمە هونەرییەکان، هونەرمەندی لێهاتوو کەسێکە زانستی تایبەتی لە زەمینەیەکی تایبەت لە هونەرە جوانەکاندا هەیە (ئارنۆڵد، 22، 2022 .(

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

گەڕان بەدوای ڕاستی، لێکۆڵینەوە، بیری کراوە، پێگەیشتن، چەند تایبەتمەندییەکن بەهۆی فێرکاری هونەر لەلای فێرخواز دروست دەبن ئەم خاڵە بەهێزانەش ئەوە دەردەخات کە هونەر چەندە بەڵگەن بۆ بەرزکردنەوەی ئارەزووی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی(1 Lampert, N. .(p(2006)لەڕێگەی ڕەخنەوە ئەگەرەکانی گۆڕان و تازەبوونەوە و دەستکاریکردنی ئاسۆکان پێشنیاری دەکات، پێشنیارێك بە ئاگا لە ئێستایی بوونی خۆی وشیاری دروستکەرێتی(قانع، 88، 2013). هەروەها لە یەکێکی تر لە توێژینەوەکاندا ئاماژە بەوەدەدات خودی بیرکردنەوەی ڕەخنەی زۆر جیاواز نییە لە پرۆسەی داهێنان و بۆیە پێویستە فێرکاری هونەری بخوێنرێت لەبەرئەوەی ئەگەری بەرزکردنەوەی بیرکردنەوەی لای خوێندکار دروست دەکات، فێرکاری هونەر پێویستن بۆ پەرپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، پێش ئەوەی فێرخواز بڕیاربدات و حکومبدات لەسەر دەرئەنجام، دەبێت چوارچێوەی کێشەو پارامێتەکانی بابەتەکەی دیاری بکات، بیر لە گریمانەیەك بکاتەوە، ئەمانە هەندێك پێشمەرجی زانستین بۆ گەیشتن بە مانای ڕاستەقینەی ئەو بابەتەی کە دەمانەوێت لێتیبگەین.(1(Dumitru, D. (2019)

تایبەتمەندیەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:

.1مێشکی کراوەیە (Open-Minded)بۆ بیروڕای نوێ.

.2گفتوگۆ لەسەر بابەتێك دەکات کە زانیاری دەبێت لەسەری، لۆژیکیانە گفتوگۆدەکانە، تێبینیکارە و تێڕامێنەرێکی باشە، بەدیلی دەدۆزێتەوە.

.3ئارەزو مەیلی وەرگرتنی زانیاری و شارەزایی هەیە، وردەکارە، توانای هۆهێنانەوەی لۆژیکی هەیە.

.4توانای سەرنجدان و تێبینیکردن، ڕەخنەگرتنی بابەتیانەی هەیە، توانا گفتوگۆی عەقڵانی نەرمیان هەیە.

.5هەروەها توانا دیاریکردنی کێشە، توانای ڕێکخستن و داهێنانی هەیە.

.6توانای ڕاڤە، شیکردنەوە، ڕێکخستن، لێکدانەوە، هەڵسەنگاندن، بڕیاردانیانی هەیە(سەعید، 266، ).2017

.7ئەرکی بیرکردنەوەی ڕەخنەی تەنها هێنانەوەی بەڵگە و هۆ نییە بۆ بیروڕاکان، بەڵکو هەڵسەنگاندنی ئەو بەڵگەو هۆیانەیە هەروەها ئایە چاك و نایابن.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

.8بیرکردنەوەی ڕەخنەی واتە تەندروست بڕیاردان.

.9بیرکردنەوەی ڕەخنەی بە پرۆسەی دۆزینەوەی وەڵامە نەدۆزراوەکان سەرقاڵە.

.10زانستی بیرکردنەوەی ڕەخنەی ئەگەری فێربوونی هەیە بەمەرجی بە دەستگرتنی تایبەتمەندی و سیفەتەکان بیرکەرەوە رەخنی دەتوانی ببیت بە بیرکەرەوەی ڕەخنەیی.

.11لێهاتووی کردنی پرسیاری دروست، کۆنتڕۆڵ کردنی چالاکییە عەقڵیەکان.

.12بیرکەرە ڕەخنەگرەکان فێربوون چۆن ببنە بەرپرسی بیرکردنەوەی خۆیان، کاتێك ئەقڵیان بە شێوەیەکی چالاکانە و ناچالاکانە بەکار دێنن(ڕۆگیرۆ، (11,2015

کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی چەند توانست و کارامەییەك دەگرێتەخۆ، ئەمەش لە توێژەرێکەوە بۆ توێژەرێکی تر جیاوازە، بەدیدی ئۆداڵ و دانیاڵ (Udal and Daniels)ئەو کارامەییانە سێ جۆری بیرکردنەوە دەگرێتە خۆ:

.1بیرکردنەوەی چنینەوەیی :Inductive Thinking))یەکێکە لە توانست و کارامەیەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، ئاراستەی کۆکردنەوەی زانیارییەکانە لەبەشەوە بۆ گشت، واتە لەبەشەوە دەستپێدەکات بۆ گشت دەچێت، لە تێبینی کردنی زانیاری بچووکەوە دەستپێدەکات، پاشان جۆرەکان

و ڕێکخستنەکان دەدۆزێتەوە، ئینجا گریمانە دادەنێت و دواتر تاقییان دەکاتەوە، لە کۆتایدا دەگاتە ئەنجامی گشتی یان تیۆرەکان.

.2بیرکردنەوەی هەڵهێنجاندن :Deductive Thinking ))ئاماژەیە بۆ کرداری لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی لۆژیکی بە ئامانجی گەیشتن بە ئامانجەکانە یان گەیشتن بە ڕاستی زانستی پاڵپشتکراو بەو گریمانانەی کە لەلای تاك هەیە. بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی چنینەوەیە لە هەموو دەست پێدەکات بۆ بەش و لقەکان دەچێت، هەندێکجار لەسەرەوە بۆ خوارەوە.

.3بیرکردنەوەی هەڵسەنگاندن :(Evaluative Thinking) ئەو جۆرەی بیرکردنەوە خۆی دەبینێتەوە لە توانای تاك بۆ دەرکردنی بڕیار یان حکوم لە چارەسەر و بژاردەکان لە ڕووی زانستی و گونجاوی و جۆرەوە جگە لەوە توانای تاکە بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی هەڵەکان لە بابەتەکاندا و پێشکەشکردنی بەڵگەی سەلمێنراو بۆ پاڵپشتی بیروبۆچون و بیرۆکەیەکی دیاریکراو بەرامبەر بە بیروبۆچون و بیرۆکەیەکی تر(سەعید، 268، 2017.(

.4تێگەیشتن لە دەستەواژەکان.

.5بڕیاردان لەسەر بنەمای بینەری باوەڕپێکراو(احمد، 38، 2015.(

.6توانای تەفسیکردن: بریتییە لە تێگەیشتن و تەعبیرکردن لە ماناو مەغزایی ژمارەیەکی جیاواز لە ئەزموون و حاڵەتەکان و داتا و حکومەکان بیروباوەڕەکان. چەند توانایەك لە خۆ دەگرێت(توانای پۆلێنکردن، کردنەوەی کۆد، توانای ناسینەوەی کێشەیەك، وەسفکردنی بێ لایەنانە، ماناکردنی بەیانێك، ئایدیا ، بیرۆکەیەك.

.7توانای شیکردنەوە:بریتییە لە دیاریکردنی پەیوەندی سەرەکی(مەرجەعیانە و ئیستدلال) لۆژیکیانە نێوان گوزارەکان، نێوان پرسیارەکان، نێوان چەمکەکان، حکومێك بڕیارێك ئەزموونێك زانیاریەك. واتا توانای تاقیکردنەوەی ئایدیاکان بیرۆکەکان، دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی و شیکردنەوەی ئەرگۆمێنەکان،

.8توانای هەڵسەنگاندن: بریتییە لە توانای هەڵسەنگاندنی کردێت(ڕەسید)ی بەیان و گوزارەکان فۆرمێکی دیکەی دەربڕین کە بونیادی بیروبۆچوون و دیدی کەسێك دیاری دەکات حکومدان بەسەر بەهێزی و بێهێزیی لۆژیکی ئەرگۆمێنت.

.9توانای هەڵهێنجاندن(استنتاجکردن): بریتییە لە ئەو توانایەی بۆ دیاریکردنی ئەو توخمانەی پێویستن بۆ گەیشتن بە بەرئەنجامێکی باوەڕپێکراو لە پێشەکییە لۆژیکیەکان و بەڵگە و هۆکارەکان

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

بوونی توانای داڕشتنی گریمانە -hypotheses)، تیوریەکان) داڕشتنی تیوری. توانای دیاریکردن داڕشتنی بەرئەنجامەکان.

.7توانای ڕەخنەگرتنی خود:چۆن بیردەکەنەوە بە چی شێوەیەك گەیشتوون بە حکومەکان (judgments)واتە تواناو هێزی بیرکردنەوەی ڕەخنەی بەکاربهێنێت بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی(هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی) بیرکردنەوە و ڕاوبۆچوونەکانی خۆی ئەو دوو لێهاتووەش پێکدێت لە(توانای بیرکردەوە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی خود(ڕەفیق، 246، ).,2009

گەشەپێدانی شێواز و ڕێگەکانی (کارامەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی) لای خوێندکارانی هونەر:

.1ئەم شێوازی گەشەپێدانە گرنگی بە (فێربوونی خۆیی) دەدات. واتە فێرخواز لە چالاکییە هونەرەییەکە تەنها پشت بە فێرکار نابەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات خۆی ڕێکی بخات و دواتر خۆی خۆی ئاڕاستە بکات، خۆی لە ڕێگەی گەشەپێدانی توانستەکان بەرهەمهێنان وپۆلێنکردن و دروستکردنی شێوە و دۆزینەوە شێوازی تازەوە فێربکات.ئەمەش بە سەرچاوەی بەدەستهێنان و گەشەپێدانی بیرکردنەوە دادەنرێت بۆ گەیشتن بە زانیارییە نوێیەکان(عەلی، 53، 2022.(

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

.2بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری دیاریکردنی کێشە، شیکارکردن و دواتر هەڵسەنگاند بەمەبەستی بڕیاردانی بە شێوەیەکی ڕاست و دروستی لۆژیکیانە پشت بەست بە وەرگرتنی زانیاری، بۆ گەیشتن بە باشترین بڕیار لە ڕێگەی پەرەپێدانی توانای بیرکردنە ڕەخنەیی وەکو ئامانجێکی سەرەکی.(zayed,2024,1)

.3گەشەپێدانی چۆنیەتی بیرکردنەوەی ڕەخنەی مەخلوقێکی عەقڵانی پەروەردە دەکات.

.4بیرکردنەوەی ڕەخنەی سەرقاڵی پەروەردەکردنی عەقڵە.

.5ڕاهێنان و مەشکردنی فێرخوازان لەسەر وەرگرتنی شارەزایی زانستی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی.

بیرکردنەوەی ڕەخنەی پەیوەست بە چەند چەمك و زاراوەیەکی گرنگ:

بۆ تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی ڕەخنەی پێویستە لە چەند چەمك و زاراوەیەك پەیوەست بە بیرکردنەوەی ڕەخنەی بگەین:

- لۆژیك: بریتییە لە زانستی بیرکردنەوەی دروست.(لۆژیك هەم زانستە و هەم هونەرە، بەمانای هونەری بیرکردنەوە نووسین و هونەری گفتوگۆ، لۆژیك کۆڵەکەیەکی بنڕەتی بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەی دروست و تۆکمە و مانادار و مانا بەخش، بیرکردنەوەیەك کە زادەی عەقڵە و هەرخۆشی دەتوانێت عەقڵ تاقیبکاتەوە و دروستی (Validity)و نادروستی

(Indalidatiy)ئەو بیرکردنەوەیە لە ڕێگای میکانیزم و یاسا و ڕێساکانی لۆژیکەوە دەربخات. نەشارەزایی لە لۆژیك و نەخوێندنەوە پرۆڤەنەکردنی لەسەر لۆژیك بیرکردنەوە ڕووبەڕوی کێشەدەکاتەوە.

- هونەری ئەرگۆمێنتسازی: بۆچوونێکە کە لە ئەنجامگیری(استنتاج کردنەوە)، لەدانە دەستەوەی هۆکارەکان سەرچاوەی گرتووە، یان بیرکردنەوەی خاوەن بونیاد(Structure)، بیرکردنەوەیەك کە پشت بە دانە دەستەوەی هۆکان دەبەستێتەوە. واتە لە دوو بەش پێکهاتووە(1.بۆچوونێك خراوەتە ڕوو.2.هۆکارێك خراوەتە ڕوو بۆ پشتگیری کردنی ئەو بۆ چوونە)(ڕەفیق، 147، 2014.(

بەربەستەکانی بەردەم گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی:

بۆئەوەی باشتر لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بگەین چاکترە ئاماژە بە دژەکانی بدەین ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە بدەین، پێچەوانەی بیرکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیین بریتیین لە-:

.1تەنیا بەدەستهێنان و پاراستنی زانیاری ڕووت.

.2تەنها هەبوونی چەند کارامەیی ڕووت.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

.3بەکارهێنانی ئەو کارامەییەنە وەك ئەزموون بەڵام بێ چاوبڕین لە هیچ بەرئەنجامێك.

.4بیرکردنەوەی چەقبەست و (دۆگما) و داخراو.

.5تەڵقیکردنی چەند بیروڕایەك و قبوڵکردنیان و دووبارەکردنەوەیان بێ ختورەکردن هیچ پرسیارێك(ڕەفیق، 137، 2009.(

.6نەبوونی کلتوری پەروەردەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی.

.7بیرکردنەوەی ڕەخنەی نەبووە بە ئاکاری پەروەردەی وگفتوگۆ زانستی لە ناوەندەکانی خوێندندا.

.8بوونی کێشەی سایکولۆژیاز واتا لە ڕووی دەرونیەوە تاکەکان وەکو پێویست ئاگایی و هۆشیاریان نییە لەسەر بیرکردنەوەی رەخنەیی.

.9گرفتی مەعریفی: نەبوونی زانیاری مەعریفی لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەیی.

.10گرفتی کۆمەڵایەتی، توانای ئەوە نییە کە تاك لەدەروەی ئەو سیاقەی کە کۆمەڵگا بۆی دیاری کردووە واتە کۆمەڵگە توانای ئەوەی نییە گەشە بە بیرکردنەوەی ڕەخنەی بکات:

.11بیرکردنەوەی ڕەخنەی دامەزراوەیی جۆرێکە لە و بیرکردنەوەی کە لە ناوەندە ئەکادیمییەکان بەرهەمدێت.

)شاهۆ سەعید، ئنتەرنێت.(

12نەبوونی وانەیەکی تایبەت بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە ناوەندەکانی خوێندندا.

.13هەروەها بایەخنەدان بە کارامەیەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە گوتنەوەی وانەکاندا(کاکەشێخ، فەرەج، 3، 2021.(

ڕۆڵی هونەری شێوەکاری پەیوەست بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:

.1ئەمڕۆ هونەری شێوەکاری یەکێکە لە گرنگترین و کاریگەرترین هۆکاری دروستکردن و خەلقکردنی پەیوەندییە، هونەری شێوەکاری زمانێکی جیهانی لە پەروەردە و فێرکردن لە بواری فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، پیشەسازیدا هەروەها لە پەروەردە و فێرکردن بە شێوەیەکی گشتی لە تەواوی کار و چالاکییەکانی بیرکردنەوە سودی لێی بینیوە. (حلیمی، 5، 2012.(

.2 بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و داهێنەرانە پەیوەست بە هونەری شێوەکاری بابەتێکی زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدانی بەهرە و لێهاتوویەکان و تواناکانی خوێندکاران لەم سەردەمەدا کە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێ و دەستکەوتی زانستی گەورە لە سەرجەم بوارەکان بە تایبەت لە ناوەندە زانستی و پەروەردەییەکاندا. (خسرەو، 5، 2023.(

.3گۆڕان و ترازان و دەرچوون لە سیستەم و فۆرمە داخراو چەقبەستویەکانی پەیوەست بە پرۆسێسی بەرهەمهێنانی مامۆستا و فێرخوازەوە بۆ گۆڕینی مامۆستا بۆ بونەوەرێکی فرە شێواز و نوێگەری خاوەن بیرکردنەوەیەکی فراوان.

.4باوەڕبوون بە ئازادی و بەرهەمهێنان و کاری داهێنەرانەی نوێ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی.

.5گۆڕینی ئەو شێوازە لە فێربوون و فێرکردن بۆ تێپەڕاندن و بەرهەمهێنانەوەی بە شێوازێکی نوێ و دروکەوتنەوە بۆ قاڵبدان و دروستکردنەوە و داڕشتنەوەمان بە شێوازێکی نەگۆڕ. پێویستە لەم دیدەوە بڕوانینە خواستی فێربوون، خواستی دروستکردنی بیرکردنەوەی خود و تێگەیشتن لە دنیا لە ڕێگەی مەعریفەوە بۆ ئازادی لە بیرکردنەوە.

.6 دروستکردنی ڕۆحی گۆڕانخوازی و دوورکەوتنەوە لە پرۆسەیەکی لە قاڵبدراوی ئەکادیمی.

.7چارەنوسی فێرخوازان بۆ کەشفکردن و پابەندیی زیندووکردنەوەی ئەو ڕەهەندە کپکراوەی ڕۆحی خوێندکاران کە ڕەهەندی گەڕان و دۆزینەوە و بیرکردنەوەی قوڵە. (عەلی، 68، 2021.(

بەشی سێیەم:

ڕێکارەکانی توێژینەوەکە:

.1میتۆدی توێژینەوەکە:

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

بەپێـی سروشـت و تایبەتمەنـدیی بـابەتی تـوێژینەوەکە و ئامـانجی تـوێژینەوەکە، میتـۆدی وەسـفی بەمەبەست بەکارهێنراوە.

.2کۆمەڵگای توێژینەوەکە:(نموونەی توێژینەوە) مامۆستایانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشی شێوەکاری هەڵبجە و چەمچەماڵ، بۆ ساڵی (2023-2024) پێکهاتبوو کە ژمارەیان (28) مامۆستا بوون سەرجەمیان کە بە پێی سروشتی توێژینەوەکە تەنها یەك کۆمەڵە بوون.

ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

ڕاستگۆیی:

بەرلە دروستکردنی ڕاستگۆیی لە ریگەی چاوپێکەوتنی شارەزایان و مامۆستایانەوە چەند پرسیارێك ئاڕاستە یانکرا بوو، وەکو ئامادەکاری بەمەبەستی بنیاتنانی فۆڕمێکی ڕاپرسی بە سودبینین لە توێژینەوە سەرچاوەی کتێب(30) بڕگە پێکهاتبوو دواتر ڕاستگۆی بۆ دەرهێنرا لە لایەن کەسانی شارەزا لە ڕووی پەروەردەی هونەر و دەروناسی و پەروەردە و زمانەوانییەوە کە لە (9) شارەزا پێکهاتبوون و بڕگەکانی کەمکرایەوە بۆ(20) بڕگە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

هاوکێشە ئامارییەکان:

1. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی Shapiro- Wilk بەمەبەستی زانینی دابەشبوونی ئاسایی داتای توێژینەوەکە.

2. بە تاقیکردنەوەی Parametric- tests بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە.

دابەشبوونی ئاسیNormal distribution

بەمەبەستی زانینی دابەشبوونی ئاسایی داتای توێژینەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەی Shapiro- Wilkبەکارهێنان ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی دەرخست کە بەهای Shapiro- Wilk ئاستی ئاماژەی بۆ گۆڕاوەکە(بیرکردنەوەی ڕەخنەیی) گەورەترە 0، 990، بوو وا بە ئاستی ئاماژەیی(0، 05)گەورەترە، بەمەش دەرکەوت کە داتای توێژینەوەکە توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ئاسایی دابەشبووە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر لە دۆزینەوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی پشتی بە تاقیکردنەوەی Parametric- testsی بەست.

بەشی چوارەم:

خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان:

ئەم بەشەی توێژینەوەکە تایبەتە بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، وەلەم بەشەدا ڕاڤەی دەرئەنجامەکان دەکرێن لە ژێر ڕۆشنای چوارچێوەی تیۆر و توێژینەوەکە بەکارهێنراوە، بەمەبەستی گەیشتن بە پێشنیار و ڕاسپاردەی گونجاو لە سەربنەمای ئامانجی ئەم توێژینەوەیە.

ئامانجی توێژینەوەکە: زانینی ڕۆڵی وانەی هونەر لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لای خوێندکاران لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە.

بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە توێژەر هەستا بە خستنەڕووی ناوەندە ژمێری لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەرکەوت ناوەندە ژمێرەیی(42.74) و بەلادانی پێوانەیی(4,9) پاش بەراوردکردنی ناوەندە گریمانەی ژمێرەیی(40) دەرکەوت کە چەمکی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی(42.74) لەسەر خوێندکاران بەرزە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە. بۆ زیاتر وردبوونەوە لەم دەرئەنجامە بە شێوەیەکی ئاماری، توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی تی تێستی یەك نموونەی کە بەهای(2,78) بوو. بە بەراوردکردنی بەهای تی تێستی خشتەیی(2,048) و بە ئاستی ئاماژەیی(0,05) دەرکەوت کە تێڕوانینی مامۆستایان سەبارەت بە ڕۆڵی وانەی هونەر لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرجوانەکانی چەمچەماڵ و هەڵەبجە بەرزە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

ئاستی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرجوانەکان ڕووندەکاتەوە.

ئاستی ئاماژەیی

| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەی | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی | | ئاستی ئاماژەیی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| **بیرکردنەوەی ڕەخنەیی** | 42.75 | 4، 9 | 40 | 2، 78 | 2، 048 | بەڵگەدارە |

لەم خشتەی سەرەوە دەرکەوت کە ئاستی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لای خوێندکارن لە وانەکانی هونەردا تاڕادەیەك بەرزە، لەبەرئەوەی بابەتی هونەری پەیوەستە بە پرۆسەی بیرکردنەوە بەگشتی و بەتایبەت بە بیکردنەوەی ڕەخنەیی، هەروەها بە دیویەکی تردا کێڵگەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە بواری پەروەردەی هونەردایە. واتە خودی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بریتییە لە پەروەردەکردن، و پەروەردە و فێرکردنیش پەیوەستە بە پرۆسەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی.

دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە وانەی هونەر ڕۆڵی ئەرێنی هەیە لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لای خوێندکاران لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە.

ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر بەدەستیهێناون، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی هەیە:

1. پێویستە لە وانەی هونەردا گرنگی زیاتر بدرێت بە ئەو بوارانەی پەیوەستن به گەشەپێدانی به بیرکردنەوەی ڕەخنەیی.

2. دەرئەنجامی توێژینەوەکە و ئەو توێژینەوانەی کە لەم بوارەدا کراون واپێویستدەکات کە لە پەیمانگای هونەرجوانەکان لە وانەکانی هونەر سودی لێوەرگرن.

پێشنیازەکان:

1.توێژینەوەیکی هاوشێوەبکرێت بۆ بەشەکانی تر هونەر وەکو شانۆ و مۆزیك.

2.توێژینەوەیك بکرێت لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە.

**المصادر:**


- احمد، دارا اورحمان(2015) کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیازکراو لەسەر گەشەپێدانی لێهاتوو بەشی پەروەردەی هونەر لە بابەتی ڕەخنە و چێژی هونەر و ئاراستەکانیان لەبەرامبەریدا. زانکۆی سلێمانی.
- الأحمدي, فهد عامر(2019) وەرگێرانی ئاودێر ئەحمەد، تیۆری فستق، کتێبێکە شێوازی بیرکردنەوە بریاردانت دەگۆرێت، چاپ دەزگای فام.
- برۆنە، ستیڤ ئیریك، (2021)تیۆری ڕەخنەیی، وەرگێرانی ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی جەمال عیرفان، سلێمانی.
- البياتي، حسين عبيد جبر(2016) طرائق تدريس التربية الفنية,الدار المنهجية,عمان.
- ترێسی، برایان(2020)، وەرگێرانی داستان شەریف، بیرکردنەوەت بگۆڕە ژیانت بگۆڕە، چاپخانە ناوەندی ڕەها.
- تۆماس، گاری(2022)پەروەردە، وەرگێرانی پەرۆش محمد، چاپخانەجەمال عیرفان، سلێمان.
- جۆنسن، جیراڵدین ئەی (2021) هونەری ڕێنسانس، وەگێرانی پەروین بێهرەوش زنجیر کتێبی ئۆکسفۆرد، چایخانەی تاران.
- حیلیمی، محمد حسين( 2012):اصول و مبانی هنرهای تجسمی(زبان، بیان، تمرین)، ، کتابخانەی ملی ایران.
- خسرەو، ئاکۆحمە(2023) کاریگەری بەرنامەیەکی فێرکاری لە سەر بنەمای بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویەکانی خوێندکاران لە بابەتی دارشتنەوەی وێنەکێشان و پاڵنەری بەدەستهێنانیان.زانکۆی سلێمانی.


مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

- ڕۆگیر، ڤینسێنت(2015) لەودیو هەستەکانەوە، ڕێبەرێك بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، وەرگێڕانی هەرێم هادی، چاپخانە ئەندێشە، سلێمانی.

- ڕەفیق، فاروق(2009)یەك كاتژمێری ماوە بۆ نیوەشەو، چاپخانەی شڤان ناوەندی ڕۆشنبیری.

- ڕەفیق، فاروق(2023)بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

- سەعید، پێشڕەو خەڵەف(2017)دەرونزانی گشتی، چاپ یاد، سلێمانی.

- سەعید، فایەق(2015) ستروکتوورەکانی بیرکردنەوە گەشەسەندنی مەعریفی منداڵ، شروڤەکردنی تیۆرییەکانی پیاژێ.چاپخانە غەزەلنوس، سلێمانی.

- عزیز، کەریم احمد(2020)فێرکردنی بیرکردنەوە، چاپخانەی نارین ، هەولێر.

- سالم ، علياء هادي ا. (2021). مزايا استخدام مهارات التفكير الناقد في ترجمة الشعر لمتعلمي الترجمة في المستوى المتقدم. لارك, 13(5), 1091-1112 .
https://doi.org/10.31185/lark.Vol1.Iss44.2227

- عەلی، بەختیار(2021)خوێنەری کوشندە، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

- عەلی، خەلیل(2014) پەروەردەی هونەر، چاپخانەی یاد.

- ڤیگۆتسکی، لیۆ(2020)فایەق سەعید، لیۆ ڤیۆتسکی ، تیۆری سۆسیۆکولتووری پەروەردەی هاوچەرخ، چاپخانە غەزەلنوس، سلێمانی.

- قانیع، مەریوان وریا، (2013)فیکر و دنیا، بەرگی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(2018)سایکۆلۆژیای داهێنا.سلێمانی.

- قەرەچەتانی، کەریم(2023)سایکۆلۆجیای ئەرێنی، چاپخانە زبان صلح ژووان، تەهران.

- کاکەشێخ، هەردەوان، فەرەج نەوزاد(2021) ڕۆڵی بیرکردنەوە ڕەخنەیی و دیبەت لە ڕووبەڕووبونەوەی توندڕەوی ئایندا، زانکۆی سلاحەدین

- وەهاب، عبدوڕەحمان ئەحمەد(2022)پەروەردەناسی ڕەخنەیی، چاپ فام.

- ئارنوڵد، دنا، (2023) مێژووی هونەر، وەرگێڕانی سەڵاح بەهرامی زنجیرە کتێبی ئۆکسفۆرد، چاپخانەی جەمال تایەر، سلێمانی.

- ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسوڵ(2018)هونەر و حەقیقەت، چاپخانە ئایدیا، سلێمانی.

- .Lukaka, D. (2023). Art Education and its Impact on Creativity and Critical Thinking Skills: A Review literature. International Journal of Arts and Humanities, 1(1), 31-39.

- Baş, M. T., Özpulat, F., Molu, B., & Dönmez, H. (2022). The effect of decorative arts course on nursing students' creativity and critical thinking dispositions. Nurse Education Today, 119, 105584.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

- Sun, L. (2023). Pedagogies of discomfort and empathy in foreign language education: Fostering EFL learners' critical global thinking through literature and art. Thinking Skills and Creativity, 50, 101411

- Silva Pacheco, C. (2020). Art education for the development of complex thinking metacompetence: A theoretical approach. International Journal of Art & Design Education, 39(1), 242-254.

- Zayed, A. M., Metwally, B. S., Masoud, M. A., Mubarak, M. F., Shendy, H., & Abdel Wahed, M. S. (2024). From non-conventional agricultural waste into sustainable and eco-friendly activated carbon through specified thermo-chemical protocol. Applied Nanoscience, 14(1), 21-32.

- Lampert, N. (2006). Critical thinking dispositions as an outcome of art education. Studies in Art Education, 47(3), 215-228.

- Dumitru, D. (2019). Creating meaning. The importance of Arts, Humanities and Culture for critical thinking development. Studies in Higher Education, 44(5), 870-879.

- Obidovna, D. Z. (2023). THE ART OF QUESTIONING: ENHANCING CRITICAL THINKING THROUGH EFFECTIVE PEDAGOGICAL TECHNIQUES. International Journal Of Literature And Languages, 3(11), 54-60.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**Referenses:**

1. Ahmad, Dara Orhman (2015) The impact of a proposed program on the development of skills of the Department of Art Education in the subject of criticism and enjoyment of art and their directions towards it. University of Sulaimani.

2. Al-Ahmadi, Fahad Amer (2019) Translated by Auder Ahmad, Pistachio Theory, a book that changes the way you think and make decisions, FAM Publishing House.

3. Brona, Steve Eric, (2021) Critical Theory, translated by Aram Amin Shuani, Jamal Irfan Printing House, Sulaimani.

4. Al-Bayati, Hussein Obaid Jabr (2016) Technical Education Teaching Methods, Al-Dar Al-Manajiya, Oman.

5. Tracy, Brian (2020), translated by Dastan Sharif, Change Your Thinking Change Your Life, Absolute Center Press.

6. Thomas, Gary (2022) Education, translated by Parosh Mohammed, Jamal Irfan Printing House, Sulaiman.

7. Johnson, Geraldine A. (2021) Renaissance Art, translated by Parvin Behroush Oxford Book Series, Tehran Tea House.

8. Halimi, Mohammad Hossein (2012): Principles and Principles of Physical Arts (Language, Expression, Exercise), National Library of Iran.

9. Khsraw, Akohma (2023) The effect of an educational program based on creative thinking to develop students' skills in drawing and motivation to achieve them. Sulaimani University.

10. Roger, Vincent (2015) Beyond the Feelings, a Guide to Critical Thinking, translated by Harem Hadi, Andisha Printing House, Sulaimani.

11. Rafiq, Farooq (2009) One hour left for midnight, Shvan Printing House, Cultural Center.

12. Rafiq, Farooq (2023) Critical Thinking, Sardam Printing House, Sulaimani.

13. Saeed, Peshraw Khalaf (2017) General Psychology, Yad Publishing House, Sulaimani.

14. Saeed, Fayeq (2015) Structures of Thought and Children's Cognitive Development, Interpretation of Piaget's Theories. Ghazalnus Printing House, Sulaimani.

15. Aziz, Karim Ahmad (2020) Teaching Thinking, Narin Printing House, Erbil.

16. Salem, Alia Hadi A. (2021). The advantages of using critical thinking skills in translating poetry for advanced level translation learners. Lark, 13(5), 1091-1112. https://doi.org/10.31185/lark.Vol1.Iss44.2227

17. Ali, Bakhtiar (2021) Deadly Reader, Rahand Printing House, Sulaimani.

18. Ali, Khalil (2014) Art Education, Yad Printing House.

19. Vygotsky, Leo (2020) Fayeq Saeed, Leo Vygotsky, Sociocultural Theory of Contemporary Education, Ghazalnus Printing House, Sulaimani.

20. Qanie, Mariwan Warya, (2013) Thought and World, Volume 1, Andesha Center, Sulaimani.

21. Karachetani, Karim Sharif (2018) Psychology of Invention. Sulaimani.

22. Karachetani, Karim (2023) Positive Psychology, Zaban Printing House Saleh Zhuvan, Tehran.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

23. Kakesheikh, Hardawan, Faraj Nawzad (2021) The role of critical thinking and debate in confronting religious extremism, Salahaddin University

24. Wahab, Abdulrahman Ahmad (2022) Critical Education, Chap Fam.

25. Arnold, Dna, (2023) History of Art, translated by Salah Bahrami, Oxford Book Series, Jamal Thayer Printing House, Sulaimani.

26. Ismail, Rebin Rasul (2018) Art and Truth, Idea Printing House, Sulaimani.

27. Lukaka, D. (2023). Art Education and its Impact on Creativity and Critical Thinking Skills: A Review literature. International Journal of Arts and Humanities, 1(1), 31-39.

28. Baş, M. T., Özpulat, F., Molu, B., & Dönmez, H. (2022). The effect of decorative arts course on nursing students' creativity and critical thinking dispositions. Nurse Education Today, 119, 105584.

29. Sun, L. (2023). Pedagogies of discomfort and empathy in foreign language education: Fostering EFL learners' critical global thinking through literature and art. Thinking Skills and Creativity, 50, 101411

30. Silva Pacheco, C. (2020). Art education for the development of complex thinking metacompetence: A theoretical approach. International Journal of Art & Design Education, 39(1), 242-254.

31. Zayed, A. M., Metwally, B. S., Masoud, M. A., Mubarak, M. F., Shendy, H., & Abdel Wahed, M. S. (2024). From non-conventional agricultural waste into sustainable and eco-friendly activated carbon through specified thermo-chemical protocol. Applied Nanoscience, 14(1), 21-32.

32. Lampert, N. (2006). Critical thinking dispositions as an outcome of art education. Studies in Art Education, 47(3), 215-228.

33. Dumitru, D. (2019). Creating meaning. The importance of Arts, Humanities and Culture for critical thinking development. Studies in Higher Education, 44(5), 870-879.

.34 Obidovna, D. Z. (2023). THE ART OF QUESTIONING: ENHANCING CRITICAL THINKING THROUGH EFFECTIVE PEDAGOGICAL TECHNIQUES. International Journal Of Literature And Languages, 3(11), 54-60.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية